# ژمارە داراییەکان لە عێراق

18-12-2025

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە** : سەرۆکوەزیرانی عێراق لەدوایین چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ ئاژانسی نیشتمانی عێراق INA لەڕووی ئابوورییەوە ژمارەیەک داتای نوێی خستەڕوو کە ئاماژەی زۆر گەورەن بۆ ئابووری عێراق، بەڵام جیاوازییەکی گەورەشی تێدایە لەوەی لە راپۆرتەکانی وەزارەتی دارایی و بانکی ناوەندی و ناوەندە جیهانییەکانەوە بڵاوکراوەتەوە.

## بەرایی

سەرۆکوەزیرانی عێراق لەدوایین چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ ئاژانسی نیشتمانی عێراق INA لەڕووی ئابوورییەوە ژمارەیەک داتای نوێی خستەڕوو کە ئاماژەی زۆر گەورەن بۆ ئابووری عێراق، بەڵام جیاوازییەکی گەورەشی تێدایە لەوەی لە راپۆرتەکانی وەزارەتی دارایی و بانکی ناوەندی و ناوەندە جیهانییەکانەوە بڵاوکراوەتەوە.

بۆ نموونە بەپێی سەرۆکوەزیران قەرزی نێوخۆیی عێراق 34 تریلیۆن دینارە و قەرزی دەرەکی 13 تریلیۆن دینار(10 ملیار و 56 ملیۆن دۆلارە)، واتە کۆی قەرزەکانی عێراق ئێستا 47 تریلیۆن دینارە، بەڵام بەپێی راپۆرتی وەزارەتی دارایی و بانکی ناوەندی تاوەکو کۆتایی حوزەیرانی 2025 کۆی قەرزەکان 106 تریلیۆن دینارە، کە 87 تریلیۆن قەرزی نیوخۆییە و 18.7 تریلیۆن دیناری قەرزی دەرەکییە.

دووەمیش جیاوازی ژمارەیە لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، لەکاتێکدا وەبەرهێنان لە کەرتی تایبەت 100 ملیار دۆلار تێپەڕاندوە، بەڵام لەم دوو ساڵ و نیوەدا یەک لەسەر پێنجی فەرمانبەری کەرتی گشتی زیادیکردووە. لەکاتێکدا لە بودجەی سێ ساڵیدا کۆی ژمارەکە بە هەرێمی کوردستانەوە 4 ملیۆن و 74 هەزار و 697 فەرمانبەر بووە، کەچی ئێستا گەیشتووەتە 4 ملیۆن و 550 هەزار، واتە لەم دوو ساڵ و پێنج مانگەدا نیو ملیۆن فەرمانبەر بۆ کەرتی گشتی زیادیکردووە کە کەرتی تایبەت 100 ملیار دۆلار وەبەرهێنانی تێداکراوە.

ئێستا، ئەم ژمارانەی سەرۆکوەزیران دەکەینە دەرفەتێک بۆخستنەڕووی ژمارە داراییەکان لە عێراق، چونکە زیادبوون و کەمبوون واتە گۆڕینی ئاڕاستەی ئابووری عێراق لە گەشەکردنەوە بۆ لاوازبوون، ئەو گۆڕانە گەورانەش پرسیاری گەورە لەسەر درووستی ژمارەکان دادەنێت.

## قەرزی نیوخۆیی و دەرەکی عێراق لە شەش مانگ؛ 60 تریلیۆن دیناری داوەتەوە ؟

ئێستا، ئەو داشبۆردەی وەزارەتی دارایی لەبارەی قەرزی نیوخۆیی و دەرەکی کە لە 2010وە تاوەکو کۆتایی حوزەیرانی 2025 لەماڵپەڕی فەرمیدا بەردەست بوو نەماوە! بەڵام لاپەڕەی قەرزەکان کەوا داتای قەرزی نێوخۆیی و دەرەکی عێراق تاوەکو کۆتایی مانگی شەش 2025ی لەخۆگرتووە ئاماژە بە 18 تریلیۆن و 789 ملیار دینار قەرزی دەرەکی و 87 تریلیۆن و 383 ملیار دینار قەرزی نیوخۆیی دەکات وەکو لە خشتەی خوارەوە هاتووە.

هەروەها، بانکی ناوەندی عێراق لەراپۆرتی چاودێریی دارایی چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا ئاماژە بەوەدەکات کە قەرزی گشتی نیوخۆیی لە 73.25 تریلیۆن دیناری عێراقییەوە زیادیکردووە بۆ 85.54 تریلیۆن دینار کە ئاماژەیەکی گرنگە بۆ زیادبوونی ئەگەری بارگرانی دارایی لە داهاتوودا، بەردەوامبوون لەسەر ئەم رێگایە پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی گشتگیر هەیە بۆ سیاسەتەکانی خەرجکردن و پەسەندکردنی یاساکانی دارایی تووند بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی دارایی کە ئەمەش بە کەمکردنەوەی پشتبەستن بە سەرچاوە نەوتییەکان بەدی دێت. بەڵام بەپێی راپۆرتی وەزارەتی دارایی لە نۆ مانگی ئەمساڵدا کۆی داهاتی نەوتی و نانەوتی عێراق 91.1 تریلیۆن دینار بووە، کە 81.7 تریلیۆن دینار لە نەوتەوە بووە، واتە داهاتی نەوتی رێژەی 90٪ پێکدەهێنێت. لە بەرامبەردا لەو نۆ مانگەدا خەرجییەکانی 99.97 تریلیۆن دینار بووە، کە 85.4 تریلیۆن دینار بۆ بەکارخستن و 14.4 بۆ وەبەرهێنان رۆشتووە.

لەم نۆ مانگەی ساڵ دا جیاوازی خەرجی و داهاتەکان، واتە کورتهێنان سەروو 8.8 تریلیۆن دینار (6.7 ملیار دۆلار)، لەساڵی رابردووشدا ئەم کورتهێنان سەروو 9.7 تریلیۆن دینار (7.5 ملیار دۆلار). بەپێی خەمڵاندنەکان بۆ خەرجییەکانی ئەم سێ مانگە و داهاتەکانی نەوت لەکۆی مانگەکانی ئەمساڵدا ئەو 6.7 ملیار دۆلارە کورتهێنان دەگاتە سەروو 20 ملیار دۆلار، واتە قەرزەکان دەبێت زیاد بکات نەوەکو کەمبکات .

خشتەی 1: قەرزە نیوخۆیی و دەرەکییەکانی عێراق 2010 بۆ حوزەیرانی 2025

| کۆی گشتی قەرزی دەرەکی و ناوخۆیی 2010-2025 / ملیار دۆلار | | | |
|---|---|---|---|
| ساڵ | کۆی گشتی قەرزی دەرەکی | کۆی گشتی قەرزی ناوخۆ | کۆی گشتی / ملیار دۆلار |
| 2010 | 60.90 | 9.90 | 70.80 |
| 2011 | 61.00 | 12.40 | 73.40 |
| 2012 | 60.30 | 15.40 | 75.70 |
| 2013 | 59.30 | 13.90 | 73.20 |
| 2014 | 58.20 | 30.80 | 89.00 |
| 2015 | 66.10 | 32.00 | 98.10 |
| 2016 | 67.10 | 39.70 | 106.80 |
| 2017 | 25.40 | 41.10 | 66.50 |
| 2018 | 26.90 | 37.10 | 64.00 |
| 2019 | 25.46 | 34.20 | 59.66 |
| 2020 | 24.20 | 55.56 | 79.76 |
| 2021 | 21.60 | 49.70 | 71.30 |
| 2022 | 18.79 | 48.60 | 67.39 |
| 2023 | 15.80 | 55.03 | 70.83 |
| 2024 | 14.27 | 63.80 | 78.07 |
| 2025 | 14.45 | 67.20 | 81.65 |


## ساڵی 2024 عێراق 14.4 ملیار دۆلار پاڵپشتی دارایی بۆ نەوت و گاز و کارەبا دابینکردووە؟

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە IEA عیراق لەنێو ئەو وڵاتانەی پاڵپشتی دارایی بۆ جۆرە جیاوازەکانی وزە دەکەن لە پلەی چوارەمدایە و بەتێکڕا ڕێژەی پالپشتییەکە 27٪ و بۆ هەر تاکێک 317 دۆلار دەکات و بەرێژەی 5.3٪ گەشەی بەرهەمی نیوخۆکەی پێکهێناوە لە 2024دا.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی IEA ساڵی 2024 عێراق کۆی پاڵپشتی خەرجییەکانی بۆ نەوت و گاز و کارەبا 14.7 ملیار دۆلار (19.11 تریلیۆن دینار) بووە، کە زۆرترینی نەوت بووە بە بڕی 8.3 ملیار دۆلار وەک فرۆشتنەوەی بەنزین و گازوایل بەنرخی هەشت هێندە خواری بازاڕ لە جیهان. بۆ کارەباش 4.47 ملیار دۆلار خەرجکردووە، کە هاوینی ئەمساڵ ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە خۆڕایی گازوایل بۆ مۆلیدەکان دابینبکرێت، بەمشێوەیەش بێت ئەمساڵ پاڵپشتییەکە بڕەکەی زیاتر بووە نەوەکو کەمتر.

لەڕووی ئابووریەیوە، ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی ئاماژە بەوەدەکات بەردەوامیدان بە پاڵپشتی دارایی جگە لە زیانە دارایی و ژینگەیەکەی بەردەوامیدانە بە زیادبوونی خواست و بەکارنەهێنانی بەشێوەی پێویست، بۆیەش پێویستە وڵاتان بەزووترین کات کۆتایی بە پاڵپشتی دارایی بۆ بەرهەمی سووتەمەنی بهێنن بۆ کەمکردنەوەی دەردانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن و بەکارهێنانی وزە بەشێوەی پێویست.

گرافیک 1: پاڵپشتی عێراق بۆ کەرتە جیاوازەکانی وزە 2010 بۆ 2024



# کۆتایی

ڕەوشی ئابووری عێراق وەک ئەوەی هەیە خەرجی زۆر و داهاتی کەم یان داهاتی پەیوەستە بە نرخی نەوتەوەیە، واتە نرخی نەوت بەرز بێت خەرجییەکانیش بەرز، بەڵام نرخی نەوت دابەزێت خەرجییەکان کەمدەکرێتەوە. دیارترین نموونەی نزیکیش کۆبوونەوەکەی خێرای ئەنجومەنی باڵای ئابوورییە لە ڕۆژانی ڕابردوو دا کە بڕیاری کەمکردنەوە و پێداچوونەوە بە خەرجییەکان دەرکرد لەم کۆتایی ساڵەدا، بەڵام چۆن ئاڕاستەیەکی درووستی ئابووری دادەنرێت تاوەکو ژمارەی درووست و یەکگرتووی هەموو دامەزراوەکان بۆ داهات و خەرجییەکان بەردەست نەبیت و جیاوازی تریلیۆن دینار و ملیار دۆلاری هەبێت.

ژمارەکان لە عێراق هێندە جیاوازی گەورەی تێدایە، کە ئەمە نەک وڵات و کۆمەڵگە بەڵکوو کارەکانی دهاتووش بەرەو ئاراستەیەکی نادیار دەبات، بۆ نموونە جیاوازییەکانی داهاتی نەوتی و نانەوتی لە راپۆرتی مانگی نیسان و ئایار 2025 وەزارەتی دارایی. هەروەها، جیاوازی 4 ملیار دۆلاری بۆ داهاتی نەوت لەنێوان وەزارەتی دارایی و نەوت لە 2023دا. ئێستاش ژمارەی دروستی قەرزە نیوخۆی و دەرەکییەکان کە جیاوازییەکە 60 تریلیۆن دینارە!

لەکۆتاییدا، ئەو پرسیارە دێتەگۆڕی چۆن لەدۆخێکی ئابووری لەمشێوەیەی عێراق کە پاڵپشتی دارایی زیاد دەکات و کورتهێنان دەبێتە سێ هێندەی دوو ساڵ پێش ئێستا، بەڵام هەردوو جۆرەکەی قەرزی دەرەکی ونیوخۆی کەمبکات بەڵام پرسیاری سەرەکی هێشتا ئەوەیە کە بۆچی ژمارە کانی دامەزراوەو بەرپرسانی عێراق لەبارەی دۆخی ئابورییەوە لێک جیاوزن و یک ناگرنەوە!